# بێوەژن خۆی شایستەترە بڕیار لەسەر مارەییەکەی بدات زیاتر لە سەرپەرشتیارەکەی (وەلی ئەمرەکەی)، وکچ (کە پێشتر مارەنەکراوە) داوای ڕازی بوونی لێدەکرێت، وڕازی بوونی بێ دەنگ بوونیەتی

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بێوەژن* خۆی شایستەترە بڕیار لەسەر مارەییەکەی بدات زیاتر لە سەرپەرشتیارەکەی (وەلی ئەمرەکەی)، وکچ (کە پێشتر مارەنەکراوە) داوای ڕازی بوونی لێدەکرێت، وڕازی بوونی بێ دەنگ بوونیەتی». *(واتا: ژنێک تەڵاقدرا بێت یان مێردەکەی مردبێت)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

فەرمـوودەکە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی بێـوەژن* خـۆی شایسـتەترە بڕیـار لەسـەر مـارەییەکەی بـدات زیـاتر لـە سـەرپەرشتیارەکەی (وەلـی ئەمرەکـەی)، واتـا سـەرپەرشتیارەکەی نـاتوانێت بیـدات بـە شـوو هەتـاوەکو ئـافرەتەکە ڕوخسەت دەدات ئەویش بە ووتن چونکە خۆی شایستەترە لەوەی ڕازی بێت لەسەر ئەو گرێبەستە؛ بۆیە ئەگەر ئافرەتەکە ڕازی نەبوو ئەوا سەرپەرشتیارەکەی ناتوانێت هیچ شتێک بکات وڕێگەپێدراو نییە بە زۆر بیداتە شوو، وکچ (کە پێشتر مارەنەکراوە) داوای ڕازی بوونی لێدەکرێت لە لایەن سەرپەرشتیارەکەیەوە بۆئەوەی بیداتە شوو، وڕازی بوونی کچەکە بێ دەنگ بوونیەتی، ونابێت بە زۆر بدرێتە شوو ئەگەر خۆی ڕازی نەبێت لەسەر ئەو هاوسەرگیرییە. (*(واتا: ژنێک تەڵاقدرا بێت یان مێردەکەی مردبێت

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58068

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee